# بەڕێوەبەرایەتی ئەندازیاری هاتووچۆی سلێمانی ئەندازیاری نییە

نەجات روستی

najatrosty@yahoo.com

ماوەیەکە زۆر کەمتر لە جاران رووداوەکانی ئۆتۆمبێل لەناوشاردا دەبینین ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ ساڵانی رابردوو ئەتوانم بڵێم بەرێژەی 90٪ روداوەکانی پێکدادانی ئۆتۆمبیل کەم بۆتەوە. هۆکاری سەرەکی کەم بونەوەیش دەگەڕێتەوە بۆ رێکخستنی سیستەمی هاتوو چوو بەشێوەیەکی جوان و شایستە لەلایەن بەرێوەبەرایەتی ئەندازیاری هاتووچۆی سلێمانیەوە, بەدانانی چەندین هێمای جوان و تاسەوسیرامیك و چاوپشیلەوهێلکاریکردنی شەقام و گۆرەپانەکان . رۆژانە تیمەکانی ئەم بەرێوەبەرایەتییە ,بەردەوام لەنیو شەقامەکان دەبینرێن، کە بریتین لە کۆمەلێ کچ وکوڕی ماندونەناس, بەردەوامیش بەرێوەبەرەکەیان بۆ ئاگادار بوون لە ئیش و کارەکانیان بەسەریان دەکاتەوە. لە هەفتەی رابردوودا لە شەقامی سەرەکی کارێزە ووشك چەند تیمێکی روپێویم بینی، سەرقاڵی دانانی سیرامیك بوون کە شەقامەکەی ئەکرد بەدوو ساید، ئەو دیمەنە زۆر سەرنج راکێش و جوان بوو کەلێیان نزیك کەوتمەوە کورێکی گەنج بە پلەی ملازمی یەکی هاتووچۆ, لەنزیکەوە سەرپەرشتی کارەکانی دەکرد، دوای هەواڵ پرسین و دەستخۆشی کردن لە کارەکانیان. زانیم ئەو ئەفسەرە گەنجە بەرێوەبەری ئەندازیاری هاتوو چۆیە. چەند پرسیارێکمان لێ کردوو. بەم شێوەیە وولامی داینەوە.



ئەمین سالع بەریوبەری ئەندازیاری هاتووچۆی سلێمانی

- ئەمین ساڵح محمد ملازمی یەکی هاتوچۆ کە سالێکە زانکۆی تەواو کردوە بەرێوەبەری بەرێوەبەرایەتی ناوبراوە. من ماوەیەکی کەمە هاتوومەتە ئەو بەرێوەبەرایەتیە، لەماوەیەکی کورت دا توانیومانە چەندین کاربکەین لە ماوەی (55) رۆژی دەست بەکاربوونماندا, ئەوکارانەمان ئەنجام داوە کە بەشێوەیەی ژمارە ئەتوانم ئاماژەی پێ بکەم.

کۆی سیرامیکی سپی کە لەشەقامەکان دانراون2457 ,سیرامیکی زەرد1200 کۆی گشتی 3657 سرامیك دانراوە وە 940 چاوپشیلەی سپی و337 زەرد . دانانی چاوە پشیلە لە تەك سیرامیکەکاندا یاریدەدەری شۆفیرە بۆ ئەوەی بینینی لە شەودا ئاسانتربێت.وە دانانی193 مەتر تاسە لە قەلادزی بۆ کەم کردنەوەی خێرایی هاتووچۆ, وەدانانی 6000 سیرامیك لە قەلادزی و رانیەو دانانی 60 هێمای جوراوجۆری هاتۆچۆ لە چەمچەماڵ دانراون وە کۆمەلێ کاری لەم چەشنەشمان بۆ کەلارو دەربەندیخان کردووە .



سەرەرای ئەم کارانەش ئێمەبەردەوام گرنگی بەکارەکانمان ئەدەین پێم وایە لەو ماوەی کە ئیمە ئەم کارانەمان ئەنجام داوە رێژەی پێکدادانی ئۆتۆمبیل بەرێژەیەکی بەرچاو کەم بۆتەوەو بەتایبەتی لە نیوشار, ئەو شوێنانەی ئیمە کاری تێدادەکەین هەموو ئەو شەقامە قەلەبالغانە دەگرێتەوە کە لودێکی زۆریان لەسەرە بەدانانی هیماکان, سیرامیك لە یوتێرنەکاندا, لودەکەی کەم دەبێتەوە , ئەوش هاوکاری کەم بونەوەی روداوی هاتوو چوویە ، سەبارەت بەپرسیارەکەی تریشتان چۆن جێگاکان دەست نیشان ئەکەین ئیمە زیاتر گرنگی بەو شوێن و گەرەکانەدەدەین کە گەرەکی میللین . چونکە ,پیمان وایە ئەو گەرەکانە قەلّەبالّغیکی زۆری یان لەسەر و لە هەمان کاتیش منالّ لە ئەم گەرەکانە زۆرترین ئەو کەسانەن ئەکەونە ژێر ئۆتۆمبیل. لەهەمان کاتیشدا گرنگی زۆرمان بەقەزاو ناحیەکانی دەوروبەری سلێمانی داوە چونکە ناکرێت لە ناوەندی شار سیستەمی هاتۆچۆ رێکخرابێتوو شوفیری قەزاکان هیچیان بۆ نەکرێ بۆ زانینتان سنوری کاری ئێمە لە قەلادزێ و پێنجوین تا خانەقی دەگرێتەوە .



سەبارەت بەکەم و کوریەکان لەدرێژەی قسەکانی ووتی: ئێمە کارمەندمان زۆر کەمە بەهۆی کەمی رێژەیان رۆژانە زۆر هیلاك ئەبن لە بەرێوەبەرایتیەکەمان دا یەك ئەندازیارمان نییە، کەبەرێوەبەرایەتیەکەمان ناوی( بەرێوەبەرایەتی ئەندازیاری هاتوو چۆیە) وە رۆپویشمان زۆر کەمن بە گشتی میلاکمان کەمە، بەدڵنیایەوە ئەگەر میلاکمان تەواوبێت زیاتر کاردەکەین هەرچەندە ئێستاش نەمان هێشتووە کارەکانمان کەم و کورِی پێوەدیاربێ, بێ گومان بەهەوڵ وکۆشی هەموو کارمەندانی بەرێوەبەرایتەکەمان بووە.

سەبارەت بە نەبوونی ئامێر و ئوتومبێلی تایبەت بەکارەکانیان لە درێژەی ئاخافتەکانی ئاماژەی بەوەدا کە ئۆتۆمبیلی تایبەت بەکارەکانیان نی یە تەنها یەك ئۆتۆمبیلی هێل کێشانیان هەیە ئەویش وەك پێویست نییە کاتی کە کرِاوە بەکەم و کورِیەوە کرِیویانە هیوادارم لە داهاتوودا هەموو پێداویستیەکانی کار کردنمان بۆ دابین بکەن هەر چەند لەگەڵ پارێزگای سلێمانی دا قسەکراوە بەڵێیان پێ داوین کە زۆربەی پێداویستیەکانمان بۆ دابین بکەن. چاوەرێ ئەکەین کە کەم و کورتمان نەمینێ بۆ ئەوەی زیاتر خزمەت بەشارەکەمان بکەین و جوانتر هاتووچوی هاولاّتیان رێك بخەین, هەمیشە لە روداوی هاتوچۆ وپێکدادانی ئۆتۆمبیل بیان پارێزین, سیمایەکی جوان و شارستانیش بدەینە شاروشارۆچکەکان.

ماوەتەوە بلّێین ئەم بەرێوەبەرایەتیە لەماوەی رابردوودا کاری جوان و سەرنج راکێشان کردووە شایانی ئەوەن کە دەستی ماندو نەناسیان بگوشین و دەست خۆشی لە بەرێوەبەرو کارمەندەکانی بکەین. ئەوەی سەرنجی راکێشام لە دوارۆژی ئەنجامدانی ریبورتاژەکەمدا سەردانی بەرێوەبەرایەتی ناوبراوم کرد بە بەرێوەبەرو کارمەندەکانیەوە هەموویان گەنج بوون و زۆر بە عشقەوە باسی کارەکانیان دەکرد و دیار بوو کارەکەیان زۆر خۆش ئەویست هەموو توانایەکیان لە پێناو کاری جوان ئەخستە گاُو گەلێ پرۆژەی بەکەلکیان لەبەردەستابوو ئەگەر هاوکاری بکرێن بخرێنەبواری پراکتیکەوە سستمی هاتوو چۆ رێکو پێکی زیاتر بەخۆییەوەدەبینێ.لە زۆربەی وەلاتانی دونیا ,بەریوبەرایەتی ترافیك گرنگی زۆر زیاتری پێدەدری ,خۆزگە لای ئێمەش لایەنە پەیوەندیدارەکان ئاورێکی جدیان لەم بەرێوەبەراتیە ئەدابییەوە.

